# له ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان
# وتەیەک دەربارەی بەهێزبوونی شەپۆلی دژ بە ئافرەتیزم لە کوردستان

**مەهاباد قەرەداغی**

**پێشەکییەکی کورت:**
ڕۆژی 25 ی نۆڤەمبەر، ڕۆژی جیهانی ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژییە لە بەرامبەر ژنان. ئەم ڕۆژە سیمبولییە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کۆبوونەوەی گشتی ساڵانەی خۆیدا لە دیسەمبەری 1999 بڕیاری بۆ دا. هەڵبژاردنی ئەم ڕۆژە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو توندوتیژییە بێوێنەیەی کە لە 25 ی نۆڤەمبەری ساڵی 1960 دا ڕووبەڕووی سێ خوشک کە بە نازناوی (مێرابێڵ) بوون و بە "سێ پەپوولەکە" ناسرابوون، لە کۆماری دومینیکا لە لایەن دیکتاتۆری ئەو وڵاتەوەوە، بوونەوە. ڕەفائیل تروخیلۆی دیکتاتۆر لە سۆنگەی کارکردنی ئەم سێ خوشکە و مامیان لە بزوتنەوەی چواردەی جوون، دوای چەندین جار زیندانیکردن و ئەشکەنجەدان و دەستدرێژی سێکسی، لە ئاکامدا هەرسێکیان بە خنکاندن سزا دران و ژیانیان لێ سەندنەوە.
لە سۆنگەی ئەو توندوتیژییە بێئەندازەیە، ڕۆژی کوشتنی ئەم سێ خوشکە کراوە بە سیمبولی تێکۆشان لە پێناوی بنبڕکردنی زەبروزەنگ.
بێگومان هەموو ڕۆژێ دەشێ بۆ بنبڕکردنی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان تێبکۆشین و لە پێناوی دوائامانجدا هەدا نەدەین، بەڵام لەم ڕۆژەدا دەکرێ پلان و بەرنامەکان دابڕێژرێن و ئەم جۆرە ڕۆژانە بکرێن بە سەرچاوەی ئیلهامی خەبات لە پێناوی یەکسانی. دوای ئەم پێشەکییە گشتییە، دێمە نێو باسێکی تایبەتی سەبارەت بەو توندوتیژییە جۆراوجۆرەی کە بەرامبەر بە ژنی کورد پیادە دەکرێن.

**<u>شەپۆلی دژ بە ئافرەتیزم</u>**
هیچ بزوتنەوەیەک لە هیچ کەرتێکی دنیادا نییە لە ئەنجامی پێویستییەکی ئەو قۆناغە مێژووییە سەری هەڵنەدابێت کە کۆمەڵگەکانی هەیانبووبێت. هیچ بزوتنەوەیەک لە دنیادا لە خۆڕا سەری هەڵنەداوە و لە خۆڕاش کۆتایی پێ نەهاتووە، بەڵکە لە ئامانجی هەر بزوتنەوەیەکدا دژایەتیکردنی کۆمەڵێک دیاردەی ناپەسەند و تێڕوانینی نارەوا هەبووە و لە بەرامبەریشدا خستنەڕووی ئەڵتەرناتیڤی فیکری نوێ و تێڕوانینی سەردەمیانە هەبووە. هیچ بزوتنەوەیەک لە دنیاشدا نەبووە شەپۆلی دژی بۆ دروست نەبێت و هەوڵی تێکشکاندن و تێسرەواندنی نەدرابێت. مێژوو پڕە لە باسی ململانێی نێوان هاودژەکان.
بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی ژنانیش لە دەرەوەی ئەو مێژووە نییە و یەکێکە لەو بزاڤانەی نێو مێژووی مرۆڤایەتی کە زۆرترین مشتومڕی هەڵگرتووە و ململانێی لێ کەوتۆتەوە، چونکە ئەم بزوتنەوەیە پێویستییەکی دیرۆکی مرۆڤایەتی هێناویەتیە بەرهەم و بە بێ ئاوارتە ژیانی پێنج ملیارد مرۆڤی گرتۆتەوە، چونکە بزوتنەوەیەکە داوای یەکسانی لە نێوان هەردوو توخمی مرۆڤ (ژن و پیاو) دەکات و پەیامەکەی نە بۆ گروپێکی دیاریکراوە و نە بۆ توێژ و چینێکی تایبەتییە، بەڵکو بۆ تەواوی مرۆڤایەتییە.

بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی ژنان کە هەڵگری فەلسەفەیەکی ئەڵتەرناتیڤە بۆ سیستەمی پڕ لە ستەمی پیاوسالاری و ناوی (فەلسەفەی فێمینیزم)ە، کە من بۆ کورداندنی دەستەواژەکە(ئافرەتیزم) لەبری (فێمینیزم) و دەستەواژەی "ئافرەتیست" بەرامبەر بە "فێمینیست"بەکاردەهێنم. ئافرەتیزم لە هەموو قۆناغەکانی پراکتیزەکردنیدا لە نێو خۆی و لە دەرەوەی خۆیدا دژی بۆ دروست بووە. ئەنتی ئافرەتیستەکان لە زۆر قۆناغدا شەپۆلی خورت و خاوەنی سەرمایە و دەسەڵاتی زۆر بوون و هەوڵی پوکاندنەوەی خەباتی ژنانیان داوە و ویستوویانە لە ڕێگای ئەو دژایەتیکردنە بەپلان و بەرنامەوە پاشەکشە بە بزوتنەوەی ژنان بکەن و بە میکانیزمی جۆراوجۆریش هەوڵی دەستبەسەراگرتنی هێزی دەروونی ئافرەتیان داوە تا لە هەڵوێست و داخوازییەکانیان دەست هەڵبگرن، یان هەڵوێستەکانیان لاواز بکەنەوە و داواکانیان کەمتر و بێبایەختر بکەن.
بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی ژنان لە دنیادا بەهۆی گەشەی فیکر و گۆڕانی بنەڕەتی لە ئابووری و بنیاتنانەوەی ژێرخانی کۆمەڵگەکانیاندا دوابەدوای شۆڕشی پیشەسازی و ڕێنیسانسی فیکری و کولتووری و کۆمەڵایەتی، لە خۆرئاوا سەری هەڵدا و بە تایبەتیش لە دووسەد ساڵی ڕابردوودا دەستکەوتی گرنگیان بەدەست هێنا. لەبەر ئەوەی بزوتنەوەی ژنان لە هەموو دنیادا هەمان ڕەگی هەیە، بۆیە دەستکەوتەکانی خۆرئاوا بۆ ژنان، دەتوانێ ژنانی کەرت و بەشەکانی دیکەی دنیاشی پێ بەهرەمەند بکرێ و ئەزموونەکانی ئەوان ببن بە وانەی بەنرخ لە خەباتی ژنانی بەشەکانی دیکەی دنیاشدا سوود بگەیەنن.
بزوتنەوەی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هێشتا لە قۆناغێکی زۆر سەرەتاییدایەو هەڵسەنگاندنی خەباتی ژنان لە هەر یەکێک لەو وڵاتانە لێکۆڵینەوەی تایبەتی دەوێ و مەبەستم نییە لەم بابەتەدا لەسەریان بدوێم، بەڵام ئەوەی جێگەی مەبەستی ئەم باسەیە تیشک خستنە سەر ئەو شەپۆلی دژایەتیکردنە توندوتیژەیە کە لە کوردستان ڕووبەڕووی بزوتنەوەی ژنان و ژنانی چالاک بووەتەوە، لە کاتێکدا بەهۆی تایبەتمەندی مێژووی کورد و جوگرافیای کوردستان و کولتووری کوردەوارییەوە، ئەم بزوتنەوەیە هێشتا لە قۆناغێکی ئەوەندە سەرەتاییدایە کە دەکرێ زۆر بە ڕوون و ڕاشکاوی بڵێین هێشتا بە تەواوەتی لەسەر پێی خۆی نەوەستاوە.
لە پێش ڕاپەڕینی بەهاری 1991 کوردستان بە ژن و پیاویەوە، بە داروبەردییەوە، بە شاخ و هەردییەوە، بە چۆڵ و دۆڵییەوە لە بندەستی ڕژێمێکی دیکتاتۆردا گوشرابوو، بوارێک بۆ هەناسەدانێکی ئازاد لە ئارادا نەبوو. یەکسانی ئەو دەمە مانایەکی دیکەی دەدا. هەموو مرۆڤی کورد بە نێر و مێوە لە چەوساوەیی و کۆیلەیەتی یەکسان بوون، بۆیە باسی ئەو قۆناغە تاریکەناکەم و دێمە سەر سەردەمی دوای ڕاپەڕین و دروستبوونی دەرفەتی بزوتنەوەکان و سوودوەرگرتن وەیان لە کیسدانی ئەو دەرفەتانە.
هەڵبەتە وەک چۆن کورد بە گشتی زۆر لە دەرفەتە سیاسییەکانی ((لە دەست داوە))، ژنی کوردیش زۆر هەلی گرنگی ((لەدەست چووە)) و ((لە دەست چوێندراوە)) . جیاوازی نێوان لەدەستدان و لەدەستچوون لەوەدایە، لە یەکەمیاندا بەهۆی ململانێی نێوان دەستە و گروپ و حیزبەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستانەوە بووە و دەرفەتەکان لە دەست دراون، لە دووەمیاندا بەهۆی کەمئەزموونی و نەبوونی هۆشیارییەکی قووڵ و چەکدارنەبوون بە فیکر و

تیۆری ژنانە دەرفەتەکان لە دەست چوون و بەهۆی هەژموونی دەسەڵاتی پیاوسالاری لە سیاسەت و کولتوور و کۆمەڵگە و خێزانیشدا دەرفەتەکانی لە دەست چوێندراون. هەڵبەتە ئەو کەمهۆشیاری و بێئەزموونییەش زادەی پەراوێزبوونی ئافرەتی کورد بووە لە مێژووی نەتەوەیەکدا کە هەڵگری نۆرمەکانی کولتووری باوکسالاری بووە و پیاوی کورد (بە تەنیا) و (بە یەک پێ) لە گۆڕەپانی مێژوویەکی دژوار و لەسەر جوگرافیایەکی پڕ لە کێشە و ململانێدا پیاسەی کردووە و نەگەیشتووەتە هیچکوێی دیاریکراو. مەبەستمە بڵێم ئافرەتی کوردستان جگە لەوەی کە دیرۆکێک بە مەبەستەوە بێ دەرفەت کراوە، لە پاش ڕاپەڕینیشەوە ئەو دەرفەتانەی کە بەهۆی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ناوچەی کەنداو و بە تایبەتیش لە دوای ڕووخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆری دەوڵەتی عێراق دروست بوو، زۆربەی هەرە زۆری دەرفەتەکانیان لە دەست دراوە.
ئەوەی هەر بە سەرپێیش، نەک بە قووڵبوونەوە لە ململانێکانی نێو گۆڕەپانی سیاسی کوردستان بە گشتی بنۆڕێ، بۆی دەردەکەوێ کەشێکی زۆر ناتەندروستی پڕ لە هەناسەی ژەهراوی و دژایەتیکردنی یەکتری زاڵ بووە، ئەمەش ئەو کەشەیە کە نەک دەرفەتە ئایندەییەکان دەکوژێ، بەڵکو دەستکەوتە بەدەستهاتووەکانیش دەسڕێتەوە. بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی ژنانیش کە لە دوای ڕاپەڕینەوە، سەرەڕای هەموو ئاستەنگییەکان، پێویستییەکی دیرۆکی کۆمەڵگەی کوردستان هێنایە کایەوە، بەڵام لە نێو ئەو کەشە ناتەندروستەدا زەبری توند و ئەستۆشکێنی واشی بەردەکەوێت کە دەشێ ببێتە کۆلاپسێکی گەورە و ماوەیەکی درێژی بوێ بۆ ئەوەی جارێکی دیکە مەیدانێک بۆ بزوتنەوەی ژنان چێ ببێتەوە، چونکە لەم دوو ساڵەی دواییدا شەپۆلی ئەنتی ئافرەت لە کوردستاندا بە جیدی کار لەسەر شکاندنی پایەکانی بزوتنەوەی پێشکەوتنخوازی بە گشتی و بزوتنەوەی ژنان بەتایبەتی، دەکەن و لە ڕێگەی لێدانی تانە لە ژنانی چالاک و ڕێکخراوەکانیان و بزوتنەوەکەیان، بە تایبەتیش بە چەکی دروستکردنی تۆمەتی پەیوەست بە شەرەف و ئەخلاق، مەبەستیانە لە کار و چالاکییان بخەن. بێگومان ئەم چەکە لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا کاریگەرترین و بەکاربراوترینیانە بۆ لێدانی دژەکان لە ململانێ سیاسی و ئابوورییەکاندا، بۆیە بزوتنەوەی ژنان ئێستا لەبەردەم هەڕەشەی چەکی کۆکوژی شەرەف دا بە دەستی جەنگاوەرانی سەنگەری ئەخلاقدا لە بەردەم ڕیسکێکی گەورەدان.
ئەو جەنگە دەروونییەی کە لە دژی ئافرەتانی نووسەر، هونەرمەند، ڕۆژنامەنووس و چالاکەکانی بزوتنەوەی ژنان دەکرێت لە چەند ئاستێکدا زۆر ڕوونە و بە چەند شێوازێک دەکرێت و فۆرمی گرتووە:

### یەکەم: شەڕی ڕاگەیاندن

گواستنەوەی شەڕی گەرم و سووری نێوان حیزبەکان و ململانێ و کێبەرکێکانی نێوانیان بۆ شەڕی سارد و سپی، لە شەڕی ڕاگەیەندندا چڕبووەتەوە، کە لەم نێوەندەدا کولتووری زمانی جنێو و لەکەدارکردنی ئەخلاقی و تۆمەت کردن بۆ یەکتری بووە بە باو و لەو شەڕەشدا ژن وەک ئامرازی ئەو دژایەتییە بەکار دەبرێت. بنۆڕە ئەو ماڵپەڕانەی کە ڕەنگدانەوەی ململانێی نێوان حیزبەکان و باڵەکانی نێو حیزبەکانن و ببینە چۆن ئەو پیاوانە ژنیان

کردووەتە کەرەستەی خاوی دژایەتی و بە تایبەت تۆمەتەکانی پەیوەست بە سێکسوالێتی بووەتە بۆمبای کوشندە بۆ تیرۆرکردنی کەسایەتی یەکتری.

**دووەم: شەڕی فرەسەنگەری**

کەرت و پەرتکردنی بزوتنەوەی ژنان بەهۆی دابەشکردنیان بە سەر چەندین سەنگەری دژ بە یەک لە حیزبەکاندا و تەنانەت لە نێو هەمان حیزبیشدا. ڕێکخراو ئامرازێکە بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو دروست دەبێت، ڕێکخراوی ژنانیش پێویستە ئەو ئامرازە بێت کە ئامانجی هێنانەدی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بێت و بۆ مافی یەکسانی نێوان ژن و پیاو تێبکۆشێت، بەڵام بەهۆی ئەو کەشە ناتەندروستەی کە لە کوردستاندا هەیە، ڕێکخراوەکانی ژنانیش دابەش بوونەتە سەر ئەو سەنگەرانەوە و لە قۆناغی ئێستاشدا وەک چۆن حیزبەکان خۆیان، ئاواش ڕێکخراوەکانی سەر بەوان ناکۆک و ناتەبان و بەوەش گورز لە ئامانجی گشتی بزوتنەوەی ژنان دێتە وەشاندن. وەک چۆن کەشێکی تەندروست بۆ کێبەرکێی سیاسی نییە لە نێوان حیزبەکانی حوکمڕاندا، بەو شێوەیەش ئۆپۆزسیۆنی حیزبەکان و حکومەتیش لە هەمان کەشی ژەهراوییەوە تیری خۆیان ئاراستەی حیزبەکان و حکومەت دەکەن و لەو نێوانەشدا تۆمەتەکانی ئەخلاق هەڵدەبەستن و لە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووشدا پیاو بەو تۆمەتانە لەکەدار نابێ هێندەی ئەوەی  ژنان دەکەونە بەردەم مەترسی توندوتیژییەوە.

**سێیەم: نائازادی ڕێکخراوەیی**

کڕینی ڕێکخراوە ناحکومی و ڕۆژنامە و ماڵپەڕە بەناو ئازادەکان لە لایەن گروپە سیاسیە دژ بە یەکەکان و لە ئاکامیشدا بەکارهێنانی ئەمانە لە بەرژەوەندی خۆیان و دژ بە نەیارەکانیان بووەتە دیاردەیەک لە کوردستاندا. ئەم دیاردەیە بە شێوەیەکە کە مەحاڵە ڕێکخراوی ئازاد، یان ڕۆژنامەی ئازاد، یان ماڵپەڕی ئازاد بە ئاستەمیش نەماوە و لە پشتی هەر یەکێکیانەوە چەند پیاوێک وەستاوە  و فەرمان دەدات کێ بکەوێتە بەر هێرشی ئەو شەپۆلە ژەهراویانەوە. ئەوەی جێگەی نیگەرانی بێت بۆ ئێمە و پەیوەست بە بزوتنەوەی ژنان، ئەوەیە کە لە پشتی ڕێکخراوەکانی ژنانەوە پیاوانی کۆنەپەرست و ناحەزی یەکدی وەستابن و بیانکەن بە ئامرازی گورزوەشاندن لە یەکتری و لە ئاکامیشدا تەنها بزوتنەوەی ژنان زیانی ڕاستەقینەی بەردەکەوێت.

**چوارەم: زیادبوونی ڕێژەی توندوتیژی**

لە ئەنجامی ئەو فەوزایەی کە گۆڕەپانی سیاسی کوردستانی گرتۆتەوە، کەس بە کەس نییە و هەرکەس بۆ خۆیەتی و لە ئەنجامیشدا یاساکان لە سەرووەری کەوتوون و نۆرم و بەها و پێودانگە مرۆییەکانیش بەرەو کاڵبوونەوە چوون، کە هەموو ئەمانە وای کردووە ڕێژەی توندوتیژی بەرامبەر بە مێینە لە خێزاندا، لە کۆمەڵگەدا، لە دامودەزگاکاندا ڕوو لە زیادبوون بکەن و وەک دەبینین ڕێژەی کوشتن بە پاساوی شەرەف و خۆسوتاندنی ژنان لەم چەند ساڵەی دواییدا بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە.

**پێنجەم: ڕێکخراوی فەرمی دژەژن**
دروستبوونی یەکێتی و کۆمەڵەی فەرمی پیاوان کە بە ئاشکرا و بە ڕاشکاوی دژایەتی ئامانجەکانی خەباتی ژنان دەکەن، بۆ نموونە دروستبوونی یەکێتی پیاوانی کوردستان لە سلێمانی کە داوای مانەوەی نۆرمی فرەژنی دەکەن و هاواری ئەوە دەکەن کە ژن مافی زۆری بە دەست هێناوە و دەبێ لێی بسێنرێتەوە، لە کاتێکدا بە بەرچاوی هەمووانەوەیە کە ئافرەت لە کوردستاندا هێشتا بە مافە سەرەتاییەکانی خۆی شاد نەبووە.

**شەشەم: بازرگانی و بەکاڵاکردنی جەستەی ئافرەت**
برەودان بە بازاڕی لەشفرۆشی و نەبوونی هیچ یاسایەک بۆ قەدەغەکردنی لەشکڕین و لەشفرۆشتن لە کوردستاندا، کە ئەمەش لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی بێبایەخبوونی مێینە بە گشتی. بازرگانەکانی لەشفرۆشی سەرتاپای کوردستانیان کردۆتە بازاڕێکی فراوان و لە شوێن و شارەکانی دیکەوە بە گروپ لەشفرۆش ئاودیوی کوردستان دەکەنەوە، لە بەرامبەر ئەوانیشدا ڕێژەیەکی زۆری بەخۆرایی و خێرایی دەوڵەمەندبوو هەیە و نرخی باش بە جەستەی بەکاڵابووی ئافرەتی لەشفرۆش دەدەن. دیاردەی لەشفرۆشی یەکێکە لەو دیاردانەی کە بزوتنەوەی یەکسانیخوازی لە دنیادا بە توندی دژایەتی دەکات، چونکە لە ئامانجەکانی بزوتنەوەی فێمینیستیدا هەیە کە جەستەی ژن لە بەکاڵابوون ڕزگار بکات. بزوتنەوەی ژنان بە توندی دژ بە هەر دیاردەیەک دەوەستێتەوە کە لە نرخ و بایەخی جەستەی ژن کەم دەکاتەوە و دەیکاتە کاڵایەکی بازرگانی. بزوتنەوەی یەکسانخوازی دژ بەوەن ژن بۆ مەبەستی سەرفکردنی کاڵا لە ڕیکلامدا بەکار ببرێت، یان بۆ مەبەستی سیاسی و سیخوڕی ژنان بکرێنە ئامراز و کاڵا و هەموو شێوەیەکی دیکەی بەشمەککردنی جەستەی ژن ڕەت دەکەنەوە.

ئەم شەش خاڵەی سەرەوە کرۆکی ئەو کێشە جیدیەن ئەمڕۆ ڕووبەڕووی بزوتنەوەی ئافرەتانی کوردستان بوونەتەوە و جێگەی نیگەرانیین. بەرامبەر بەو شەپۆلی توندی دژایەتی کردنە، بەڕەنگاربوونەوەیەکی عەقڵانی پێویستە، ئامراز و شێوازی نوێی سەردەمیانە پێویستن و پشتیوانییەکی سیاسی ڕوون و ئاشکرا و بوێرانە لە سیاسەتمەدارە نوێخوازەکانەوە بۆ بزوتنەوەی ژنان پێویستە. وەک هێز و هۆشی مرۆییش ئافرەتی کارامە و بوێر و خاوەن هزر و خۆناس و ماندوونەناس پێویستن. وا نەبێت ئەم شەپۆلە دژانەی ئێستا بزوتنەوەی ژنان بە جارێ هەڵدەلووشێ و دەخنکێنێ.

...

2007-11-25